# فیقهی ئاسان: پەرتووکی مامەڵەکان: دەروازەی یەکەم: کڕین وفرۆشتن

الفقه الميسر: كتاب المعاملات: الباب الأول: في البيوع

< kurdish - كردي - کوردی >

## دەستە بژێرێک لە زانایان

نخبة من العلماء

وەرگێڕانی: حاجی ئومێد عومەر چرۆستانی
پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

ترجمة: أوميد عمر علي الجروستاني
مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

# کڕین وفرۆشتن

سوپاس وستایش بۆ خوای گەورە ومیهرەبان وە درود وصەڵات وسەلام بۆ سەر محمدی کوڕی عەبدولڵا و ئال وبەیت و یار ویاوەر و شوێنکەوتوانی هەتا هەتایە .

بەیارمەتی خوای گەورە لەم ووتارەدا باسی نۆ بابەتێك دەكەین لە باسی کڕین وفرۆشتن، بابەتی یەکەم : پێناسەی کڕین وفرشتن ( البیع )، بابەتی دووەم : پایەکانی کڕین وفرۆشتن، بابەتی سێهەم : شاهیدانی دان لەسەر کڕین وفرۆشتن، بابەتی چوارەم : سەرپشك بوون لەكڕین وفرۆشتن، بابەتی پێنجەم : مەرجەکانی کڕین وفرۆشتن، بابەتی شەشەم : ئەو کڕین وفرۆشتنانەی کە ڕێگریان لێکراوە، بابەتی حەوتەم : هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستی کڕین وفرۆشتن، بابەتی هەشتەم : گرێبەستی قازانج لێکردن، بابەتی نۆیەم : کڕین وفرۆشتن بە قیسط .

**بابەتی یەکەم : پێناسەی کڕین وفرشتن ( البیع )**

**أ-پێناسەکەی :**

کڕین وفرۆشتن ( البیع ) لە زمانەوانیدا بە مانای وەرگرتنی شتێك و پێدانی شتێك دێت .

لە زاراوەی شەرعیشدا بە مانای : گۆڕینەوەی ماڵێك بە ماڵێکی تر، ئەگەر لە ئەستۆ (ذمة) یشدا بێت، یان بە سود ومەنفەعەیەکی موباح بە هەمیشەیی، بەبێ قەرز وڕیبا .

**ب-حوکمەکەی :**

کڕین وفرۆشتن کارێکی دروست وڕێگا پێدراوە، وەك خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿ وَأَحَلَّ ٱللَّهُ ٱلْبَيْعَ ﴾ [البقرة: ٢٧٥ ] .

واتا : خوای گەورە کڕین وفرۆشتنی حەڵاڵ کردووە .

هەروەها عەبدوڵای کوڕی عومەریش (خوایان لێ ڕازی بێت) ڕیوایەتی کردووە، کە پێغەمبەری خوا( صلى الله عليه وسلم ) فەرموویەتی : { إذا تبايع الرجلان فكل واحد منهما بالخيار ما لم يتفرقا وكانا جميعا } (1) .

واتا : هەرکاتێك دوو کەس کڕین وفرۆشتنێکیان ئەنجامدا، هەریەکەیان سەرپشکن لە ئیمزاکردن یان نەکردنی مادامێك لەیەك جودا نەبوو بونەوە و پێکەوە بن .

هەروەها موسڵمانانیش بە درێژای مێژوو کۆدەنگ بوون لەسەر دروستی کڕین وفرۆشتن بە شێوەیەکی گشتی .

پێویستی وحاجەی خەڵکیش داوای بوونی کڕین وفرۆشتن دەکات، چونکە مرۆڤ پێویستی بەوە هەیە کە لەدەست و لای کەسانی تر هەیە، وە بەرژەوەندیەکانی پەیوەستن پێوەی، وە هیچ هۆکارێکی تریش نیە کە بگات بەو شتانەی لای غەیری خۆی هەیە وبەدەستیان بهێنێت لەڕێگای کڕین وفرشتنەوە نەبێت، بۆیە حیکمەتیش وا دەخوازێت کە کڕین وفرۆشتن جائز ودروست ومەشروع بێت، لە پێناو گەیشتن بەو مەبەستە خوازراوەی کە ئاماژەمان پێدا .

### بابەتی دووەم : پایەکانی کڕین وفرۆشتن :

پایەکانی کڕین وفرۆشتن سێ دانەن، هەردوو کەسی گرێبەستکار، گرێبەست لەسەر کراو ، لەگەڵ صیغە ودەستەواژەی گرێبەستەکە .

گرێبەستکاران، هەردوو کەسی فرۆشیار و کڕیار دەگرێتەوە، گرێبەست لەسەر کراو : ئەو ئەو کاڵایە دەگرێتەوە کە گرێبەستەکەی لەسەر دەکرێت، مەبەست لە صیغە ودەستەواژەی گرێبەستەکەش : (الايجاب والقبول ) ووتەی فرۆشیار وڕازی بوونی کڕیار دەگرێتەوە .

مەبەست لە ( الايجاب ) ئەو لەفزەیە کە لە فرۆشیارەوە دەردەچێت، وەك ئەوەی بڵێت : فرۆشتم .

وە مەبەست لە ( القبول ) یش : ئەو لەفزەیە کە کڕیارەوە دەردەچێت، وەك ئەوە بڵێت : کڕیم .

ئەمەش بە صیغە و دەستەواژەی گوفتاری دادەنرێت .

(1) بوخاری وموسلیم هاوڕان، بوخاری بە فەرموودەی ژمارە (2112) وموسلیم بە فەرموودەی ژمارە (1531) ڕیوایەتیان کردووە .

بەڵام مەبەست لە صیغە و دەستەواژەی کرداری ئەوەیە : لە نێوان فرۆشیار و کڕیاردا کرداری پێدان و وەرگرتن ڕوو بدات، ئەویش بەوەی کە کڕیار پارەی کاڵاکە بدات بە فرۆشیار، فرۆشیاریش کاڵاکە تەسلیم بە کڕیار بکات، بەبێ تەلەفوز کردن بەهیچ ووتەیەك .

**بابەتی سێهەم : شاهیدانی دان لەسەر کڕین وفرۆشتن :**

شاهیدانی دان لەسەر کڕین وفرۆشتن کارێکی موستەحەبە وواجب نیە، وەك خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَأَشۡهِدُوٓاْ إِذَا تَبَايَعۡتُمۡۚ ﴾ [ البقرة: ٢٨٢ ] .

واتا : شاهید بگرن لە کاتی کڕین و فرۆشتندا.

لەم ئایەتە پیرۆزەدا خوای گەورە فەرمانی کردووە بە شاهیدی گرتن لەکاتی کڕین وفرۆشتندا، بەڵام ئەم فەرمانە لێرەدا بە ئیستحبابە نەك بۆ واجب بوون، بە بەڵگەی ئەوەی کە خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿ فَإِنۡ أَمِنَ بَعۡضُكُم بَعۡضٗا فَلۡيُؤَدِّ ٱلَّذِي ٱؤۡتُمِنَ أَمَٰنَتَهُۥ ﴾ [ البقرة: ٢٨٣ ] .

واتا : خۆ ئەگەر لە یەکتری دڵنیا بوون با ئەوەی بە ئەمین و دەستپاك دادەنرێت ئەمانەتەکەی (قەرزەکە) بداتەوە .

ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی ئەو فەرمانە بۆ ڕێنومایی کردنە، لەپێناو تەوسیق کردن و بەرژەوەندی هەردوولادا .

عەمارەی کوڕی خوزەیمە دەگێڕێتەوە، مامی کە یەکێك بووە لە هاوەڵانی پێغەمبەر، بۆی گێڕاوەتەوە کە پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) ئەسپێکی لە پیاوێکی دەشتەکی کڕی، کابرایش شوێن پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) کەوت بۆ ئەوەی پارەکەی لێ وەربگرێت، پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) خێرا دەڕۆیشت، وکابرای دەشتەکەیش هیواش ولەسەر خۆ بوو، بۆیە خەڵکی چوونە سەر ڕێگای کابرای دەشتەکەی، دەیانوویست ئەسپەکەی لێ بکڕن، چونکە نەیاندەزانی کە پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) لێی کڕیوە [1] .

[1] ئەحمەد ڕیوایەتی کردووە، (215/5)، وە ئەبو داودیش بە فەرموودەی ژمارە (3607) ڕیوایەتی کردووە، وە نەسائیش بەهەمان شێوە (301/7)، شێخ ئەلبانیش بە فەرموودەیەکی صەحیحی داناوە، بڕوانە ( صحيح سنن النسائي ) فەرموودەی ژمارە (4332) .

ڕووی بەڵگەکە لێرەدا : کە پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) ئەسپەکەی لە کابرای دەشتەکەی کڕی بەبێ ئەوەی هیچ بەڵگە وشاهیدێك لە نیوانیاندا بێت، چونکە ئەگەر بهاتایە شاهیدی گرتن واجب بوایە لەکاتی کڕین وفرۆشتندا، ئەوا پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) ئەو ئەسپەی بەبێ شاهیدی گرتن لەو کابرا دەشتەکیە نەدەکڕی .

هاوەڵانی پێغەمبەری خوایش ( صلى الله عليه وسلم ) هەر لەو سەردەمەدا کەلو پەل وکاڵایان لە بازاڕدا کڕیوە، لەگەڵ ئەوەشدا لێیانەوە نقڵ نەکراوە کە فەرمانیان بە شاهیدی گرتن کردبێت، وە لێیانەوەش نقڵ نەکراوە کە کارێکی لەو شێوەیەیان کرد بێت .

وە چونکە کڕین وفرۆشتن یەکێکە لەو کارانەی کە لە ژیانی ڕۆژانەدا زۆر دوبارە دەبێتەوە، بۆیە ئەگەر بۆ هەموو شتێك شاهیدی بگیرێت، ئەوا دەبێتە مایەی ناڕەحەتی و چەرمەسەری بۆ خەڵکی. بەڵام ئەگەر هاتوو کڕین وفرۆشتنەکە بۆ صەفقەیەکی گەورەی وابوو کە پارەکەی دواتر دەدرا، کە پێویستی بە تەوسیق کردن بوو، ئەوا پێویستی بەوە دەکات کە بنوسرێت، وەشاهیدی لەسەر بگیرێت، تاوەکو ئەگەر ناکۆکی و جیاوازییەك ڕوویدا بە نێوان هەردوو لایەندا بگەڕێنەوە بۆ سەری .

### بابەتی چوارەم : سەرپشك بوون لەکڕین وفرۆشتن ( الخيار ) :

مەبەست لە ( الخيار ) ئەوەیە : هەر کەس لە فرۆشیار وکڕیار مافی ئەوەیان هەیە گرێبەستی کڕین وفرۆشتنەکە ئیمزا بکەن، یان هەڵی بوەشێننەوە .

ئەصڵ وبنەما لە گرێبەستی کڕین وفرۆشتندا جێ بەجێکردن ولازم بوونە، هەرکاتێك پایە ومەرجەکانی هاتنەدی، وە بۆ هیچ لە گرێبەستکارەکان نیە پەشیمان ببنەوە لە گرێبەستەکەیان .

بەڵام هێندە هەیە کە ئاینی پیرۆزی ئیسلام کە ئاینی سەماحەت ولێبوردن وئاسانکاریە، و ڕەچاوی بەرژەوەندی وبارودۆخی هەموو تاکەکانی کۆمەڵگا دەکات، بۆیە کاتێك کە کەسێك لەبەر هەر هۆیەك بێت کاڵایەك دەکڕێت یان دەیفرۆشێت، بەڵام پاشتر پەشیمان دەبێتەوە لێی، شەریعەتی ئیسلام ڕێگای داوە کە سەرپشك بکرێت و ( خیار ) ی هەبێت تاوەکو بتوانێت چاك بیر بکاتەوە لە کارەکەی، و تێرامانێت لە بەرژەوەندی خۆی، بۆ ئەوەی کڕین وفرۆشتنەکە تەواو بکات یان پاشگەز بێتەوە لێی، بەو شێوەیەی کە دەنگونجێت بۆی و دەرەخسێت لەگەڵیدا .

جۆرەكانی ( الخیار ) سەرپشك بوون :

( الخیار ) سەرپشك بوون چەند جۆرێكی هەیە :

**یەكەم** : ( خیار المجلس ) سەرپشك بوونی مەجلیس : مەبەست لێی ئەو جێگایەیە كە كڕین وفرۆشتنەكەی تێدا ئەنجام دەدرێت، هەریەك لە گرێبەستكارەكان مادامێك لەو مەجلیسەدا بن ولەیەك جودا نەبووبنەوە، بۆیان هەیە گرێبەستە تەواو بكەن، یان پەشیمان ببنەوە لێی، بەڵگەی فەرموودەكەی عەبدوڵای كوڕی عومەر ( خوایان لێ ڕازی بێت ڕیوایەتی كردبوو، پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) فەرموویەتی: { البیعان بالخیار ما لم یتفرقا } [1] .

واتا : گرێبەستكاران ( كڕیار وفرۆشیار ) سەرپشكن لە تەواو كردنی گرێبەستەكەیان یان هەڵوەشاندنەوەی مادام لەیەك جودا نەبوو بنەوە .

**دووەم** : ( خیار الشرط ) سەرپشك بوونی مەرجدار : ئەویش بەوە دەبێت گرێبەستكارەكان ( كڕیار وفرۆشیار ) یان یەكێكیان سەرپشك كردن و ( خیار ) بۆ ماوەیەكی دیاریكراو بەمەرج دابنێن، بۆ ئەوەی گرێبەستەكە ئیمزا بكەن یان هەڵی بوەشێننەوە، جا كاتێك ئەو ماوەیەی نێوانیان كە لەسەرەتای گرێبەستەكەوە دیاریكراویان كردبوو كۆتایی هات، و هەڵیان نەوەشاندەوە، ئەو كاتە گرێبەستەكە تەواو دادەمەزرێت .

نمونەكەشی : كەسێك ئۆتۆمبیلێك لە كەسێكی تر دەكڕێت، كەسی كڕیار بە فرۆشیارەكە دەڵێت : من بۆ ماوەی یەك مانگی تەواو بۆم هەیە لە گرێبەستەكە پەشیمان ببمەوە یان ئیمزای بكەم، جا ئەگەر هاتوو لە ماوەی ئەو مانگەدا پەشیمان بوویەوە لە گرێبەستەكە ئەوا مافی خۆیەتی، بەڵام ئەگەر هاتوو مانگەكە تەواو بوو، وە پەشیمان نەبوویەوە لەو ماوەیەدا، ئەوە گرێبەستەكە دادەمەزرێت ودەبێت ئۆتۆمبیلەكە بكڕێت لە فرۆشیارەكە .

**سێهەم** : ( خیار العیب ) سەرپشك بوونی عەیب وعارێك لە كاڵاكەدا :

---

(1) بوخاری وموسلیم هاوڕان، بوخاری بە فەرموودەی ژمارە (2110) وموسلیم بە فەرموودەی ژمارە (1532) ڕیوایەتیان كردووە .

ئەم سەرپشك بوونە بۆ كڕیار جێگیر دەبێت كاتێك عەیب وعارێكی لە كاڵاكەدا بەدی كرد، وە كەسی فرۆشیاریش پێی نەوتبوو كە ئەو عەیب وعارەی تێدایە، یان هەر پێیشی نەزانیبوو، وە بەهۆی بوونی ئەو عەیبەشەوە كاڵاكە نرخ و قیمەتی كەمی دەكرد، ناسینی وزانینی ئەم مەسئەلەیەش دەگەڕێتەوە بۆ كەسانی پسپۆڕ لە بازرگانە موعتەبەر وشارەزاكان، جا ئەگەر هاتوو ئەو كەسە شارەزانە ئەو عەیب وناتەواویانەیان بە كەموكورتی وعەیب دانا لە كاڵاكەدا، ئەوا كەسی كڕیار بۆی هەیە پەشیمان بێتەوە یان گرێبەستەكە ئیمزا بكات، بەڵام ئەگەر بە عەیب وكەموكورتیان دانەنا ئەو سەرپشك بوونە بۆ كڕیار جێگیر نابێت .

ئەم سەرپشك بوونە بۆ كڕیار جێگیر دەبێت، جا ئەگەر وویستی گرێبەستەكە ئیمزا دەكات، ونرخی كەمهێنانی كاڵاكە لە فرۆشیارەكە وەردەگرێتەوە، ئەویش بریتیە لەو جیاوازیەی كە بەدی دەكرێت لە نرخی كاڵاكەدا ئەگەر كامڵ وتەواو بوو، لەگەڵ نرخەكەی ئەگەر عەیبدار بوو، خۆ ئەگەر وویستیشی ئەوا كاڵاكە دەگەڕێنێتەوە بۆ فرۆشیارەكە، و ئەو پارەیەی كە پێشتر پێی دابوو لێ دەسێنێتەوە .

**چوارەم** : ( خیار التدلیس ) سەرپشك بوونی فێڵ وخەڵەتاندن :

مەبەست لەم سەرپشك بوونەیش ئەوەیە كە كڕیارەكە فێڵی لە كڕیار كردبێت و خەڵەتاندبێتی، ئەویش بەوەی كە زیاد لەنرخی كاڵاكەی لێ سەندبێت، ئەم كارەیش لە ئاینی پیرۆزی ئیسلامدا كارێكی حەرامە، بە بەڵگەی ئەو فەرموودەیەی كە پێغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) فەرموویەتی : { من غشنا فلیس منا } [1] .

واتا : ئەوەی غەش وفڕوفێڵ بكات لە سەر سوننەتی ئێمە نیە .

نموونەكەشی : كەسێك ئۆتۆمبیلێكی هەبێت و عەیب وعارێكی زۆری تێدا بێت، كەسی فرۆشیار بە عەمدی و دەست ئەنقەصد دێت بەشێوەیەكی جوان ئەو عەیب وعارانە دەخاتە ڕوو، بە شێوەیەك دیووی دەرەوەی دەڕازێنێتەوە بۆ ئەوەی كڕیارەكەی بخەڵەتێنێت، ووای دەربخات كە ئەو ئۆتۆمبیلەكە سەلیم وتەواوە بۆ ئەوەی لێی بكڕێت، لەم حاڵەتەدا ئەگەر كڕیارەكە ئەو ئۆتۆمبیلەكەی كڕی وپاشان

---

(1) موسلیم بەفەرموودەی ژمارە (101) ڕیوایەتی كردووە .

بە عەیب و ناتەواویەکانی زانی، بۆی هەیە ئۆتۆمبیلەکە بگەڕێنێتەوە بۆ خاوەنەکەی وپارەکەی لێ بسێنێتەوە .

**بابەتی پێنجەم : مەرجەکانی کڕین وفرۆشتن :**

بۆ صیحەت ودروستی کڕین وفرۆشتن چەند مەرجێك هەیە :

**یەکەم** : ڕەزامەندی نێوان فرۆشیار و کڕیار، خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ لَا تَأْكُلُوٓا۟ أَمْوَٰلَكُم بَيْنَكُم بِٱلْبَـٰطِلِ إِلَّآ أَن تَكُونَ تِجَـٰرَةً عَن تَرَاضٍ مِّنكُمْ ﴾ [ النساء: ٢٩].

واتا : ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە ماڵ و سامانی یەکتر بەناحەق و بەبێ بەرامبەر مەخۆن لەنێوان خۆتاندا، مەگەر بازرگانیەک بێت و لەسەر ڕەزامەندی هەموولایەکتان بێت .

ئەبو سەعیدی خودری ( خوای لێ ڕازی بێت ) دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) فەرموویەتی : { إنما البيع عن تراض } [1] .

واتا : کڕین وفرۆشتن دەبێت بە ڕەزامەندی هەردوولا بێت .

بۆیە هیچ کڕین وفرۆشتنێك ئەگەر هاتوو زۆر لێکردنێکی بە ناهەق لە لایەك تێدا بێت صەحیح ودروست نیە، بەڵام ئەگەر هاتوو زۆر لێکردنەکە لەسەر هەق بوو، بەوەی ئەگەر حاکم ودەسەڵاتداری کات زۆری کرد لەکەسێك کە کاڵایەکی خۆی بفرۆشێت بۆ ئەوەی قەرزی قەرزارەکەی لێ بداتەوە، دروستە .

**دووەم** : دەبێت گرێبەستکارەکان هەڵسوکەوتیان دروست بێت، بەوەی کە باڵغ و عاقڵ وئازاد وڕەشید بن.

**سێهەم** : دەبێت کەسی فرۆشیار خاوەنی ئەو کاڵایە بێت کە دەیفرۆشێت، یان لە جێگای خاوەنەکەی بێت، وەك ئەوەی وەکیلی یان وەصی یان وەلی یان ناظری خاوەنە هەقیقیەکەی بێت، بۆیە دروست نیە کەسێك کاڵایەك بفرۆشێت کە موڵکی خۆی نەبێت، بە بەڵگەی ئەو فەرموودەیەی کە پێغەمبەری

---

(1) ابن ماجە بە فەرموودەی ژمارە ( 2185 ) ڕیوایەتی کردووە، و ابن حبانیش بە هەمان شێوە (340/11)، بەیهەقیش ڕیوایەتی کردووە (17/6)، شێخ ئەلبانیش بە فەرموودەیەکی صەحیحی داناوە، بڕوانە : إرواء الغليل (125/5) ،

خوا ( صلى الله عليه وسلم ) فەرمووی بە حەکیمی کوڕی حیزام ( خوای لێ ڕازی بێت ) : { لاتبع ما ليس عندك} [1] .

واتا : ئەو شتەی موڵکی خۆت نیە مەیفرۆشە .

چوارەم : دەبێت ئەو کاڵایەی کە دەفرۆشرێت بەبێ حاجە وپیویستی لەو شتانە بێت کە سوود لێوەرگرتنی موباح ودروست بێت، وەك خواردەمەنی، و خواردنەوەکان، وجلوبەرگ، ووڵاخە سواریەکان، وخانوو بەرە، وهاوشێوەکانی تریان، بۆیە دروست نیە گرێبەست لەسەر کاڵایەك بکرێت کە حەرامە سوود لێ وەرگرتنیان، وەك : مەی، وبەراز، ومردارەوە بوو، وئالەتەکانی لەهو و مۆسیقا، بە بەڵگەی ئەو فەرموودەیەی کە جابری کوڕی عەبدوڵا ( خوای لێ ڕازی بێت ) ڕیوایەتی کردووە، وەدەڵێت : پێغەمبەری خوا ( لى الله عليه وسلم) فەرموویەتی : { إن الله حرم بيع الخمر, والميتة, والخنزير, والأصنام} [2].

واتا : خوای گەورە کڕین وفرۆشتنی مەی و مردارەوە بوو و بەراز و بتەکانی حەرام کردووە .

هەروەها عەبدوڵای کوڕی عەباس ( خوایان لێ ڕازی بێت ) ڕیوایەتی کردووە، کە پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم ) فەرموویەتی : { إن الله إذا حرم على قوم أكل شئ حرم ثمنه} [3] .

واتا : خوای گەورە ئەگەر خواردنی شتێکی لەسەر گەلێك حەرام کردبێت، قیمەت ونرخەکەشی حەرام کردووە .

وە دروست نیە کڕین وفرۆشتنی سەگ، بە بەڵگەی ئەو فەرموودەیەی کە ئەبو مەسعود (خوای لێ ڕازی بێت) گێڕاویەتیەوە، وەدەڵێت : { نهى رسول الله – صلى الله عليه وسلم – عن ثمن الكلب} [4] .

واتا : پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) ڕێگری کردووە لە وەرگرتنی نرخ وقیمەتی سەگ .

---

(1) ئەحمەد ڕیوایەتی کردووە (402/3)، وە ئەبو داویش بە فەرموودەی ژمارە (3503) ڕیوایەتی کردووە، وە نەسائیش ڕیوایەتی کردووە (289/7)، وە تیرموذی بە فەرموودەی ژمارە (1232)، وە ابن ماجە بە فەرموودەی ژمارە (2187) ڕیوایەتی کردووە، وە شێخ ئەلبانیش بە فەرموودەیەکی صەحیحی داناوە، بڕوانە : إرواء الغليل (132/5) .

(2) بوخاری وموسلیم هاوڕان، بوخاری بە فەرموودەی ژمارە (2236) وموسلیم بە فەرموودەی ژمارە (1581) ڕیوایەتیان کردووە .

(3) ئەحمەد ڕیوایەتی کردووە (247/1)، وە ئەبو داویش بە فەرموودەی ژمارە (3488) ئەرناؤطیش لە حاشیەی موسنەددا بە فەرموودەیەکی صەحیحی داناوە (95/4) .

(4) بوخاری وموسلیم هاوڕان، بوخاری بە فەرموودەی ژمارە (2237) وموسلیم بە فەرموودەی ژمارە (1567) ڕیوایەتیان کردووە .

**پێنجەم :** ئەو کاڵایەی کە گرێبەستی لەسەر دەکرێت دەبێت توانای تەسلیم کردنیت هەبێت، چونکە ئەو کاڵایەی کە ناتوانرێت تەسلیم بکرێت وەك ئەو شتە وایە کە بوونی نەبێت، بۆیە دروست نیە کڕین وفرۆشتنی پێوە بکرێت، چونکە بەشێکە لەو کڕین وفرۆشتانەی کە ( بیع الغرر ) [1] ناوزەد دەکرێت، چونکە کڕیار پارە و نرخی کاڵاکە دەدات بە فرۆشیار، بەڵام ناتوانێت کاڵاکە وەربگرێت، بۆیە دروست نیە فرۆشتنی ماسی لە ئاو، و باڵندە لە هەوا، وشیر لەگوانی ئاژەڵ، وبێچوو لە سکی دایکیدا، یان فرۆشتنی ئاژەڵی یاخی وسەرکێش، چونکە فرۆشتنی هەموو ئەمانە جۆریك لە ناڕوونی ونادیاری تێدایە، ئەمەش بە بەڵگەی ئەو فەرموودەیەی کە ئەبو هورەیرە ( خوای لێ ڕازی بێت ) گێڕاویەتیەوە ودەڵێت : { نهى رسول الله – صلى الله عليه وسلم – عن بيع الغرر } [2] .

واتا : پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) ڕێگری کردووە بەیعی غەرەر، لە کڕین وفرۆشتنی کاڵای نادیار و ناڕوون .

**شەشەم :** دەبێت ئەو کاڵایەی کە دەفرۆشرێت لەکاتی گرێبەستەکەدا بۆ هەردوولا زانراو ودیار و ڕوون وئاشکرا بێت، ئەویش بە سەیرکردن و تەماشا کردنی، یان بە وەصف کردنی بەشێوەیەك کە جیای بکاتەوە لە غەیری خۆی، چونکە نادیاری دەبێتە هۆی غەرەر، دیارە غەرەریش ڕێگری کراوە لێی، بۆیە دروست نیە کاڵایەك بکرێت کە نەیدیبێت، یان بینیبیشێتی بەڵام لەبیری چوبێتەوە، وەك ئەوەی ئەو کاڵایە لەو مەجلیسەدا نەبێت کە گرێبەستەکەی تێدا دەکرێت .

**حەوتەم :** دەبێت نرخی کاڵاکە دیار وزانراو بێت، ئەویش بەوەی نرخی ئەو شتەی کڕین وفرۆشتنی پێوە دەکرێت دیاریان کردبێت لەنێوان خۆیاندا، وە قیمەتەکەشی زانراو بێت .

### بابەتی شەشەم : ئەو کڕین وفرۆشتنانەی کە ڕێگریان لێکراوە :

خوا وپێغەمبەرەکە ( صلى الله عليه وسلم ) ڕێگریان کردووە لە هەندێك کڕین وفرشتن کە ببێت بەهۆی لەدەستدان وبەفیڕۆدانی گرنگتر لەخۆیان، وەك ڕێگری کردن لەو کڕین وفرۆشتنەی کە ببێت

(1) مەبەست لەم جۆرە کڕین وفۆرشتنە ئەوەیە دیوی دەرەوەی کڕیار هەڵدەخەڵەتێنت، بەڵام دیوی ناوەوەی نەزانراو ونادیارە .
(2) موسلیم بەفەرموودەی ژمارە (101) ڕیوایەتی کردووە .

بەهۆی سەرقاڵ بوون ونەکردنی عیبادەتێکی فەرز و واجب، یان ببێت بەهۆی زیان گەیاندن بە کەسانی تر، هەندێك لەو کڕین وفرۆشتانەیش کە ڕیگری و قەدەغەیان لێکراوە، بریتین لە : -

1-کڕین وفرۆشتن دوای بانگی دووەمی نوێژی هەینی :

کڕین وفرۆشتن دوای بانگی دووەمی نوێژی هەینی دروست نیە بۆ ئەو کەسەی کە نوێژی هەینی لەسەر واجبە، بە بەڵگەی ئەو ئایەتە پیرۆزەی کە دەفەرموێت : ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِذَا نُودِيَ لِلصَّلَوٰةِ مِن يَوۡمِ ٱلۡجُمُعَةِ فَٱسۡعَوۡاْ إِلَىٰ ذِكۡرِ ٱللَّهِ وَذَرُواْ ٱلۡبَيۡعَۚ ﴾ [ الجمعة: ٩ ] .

واتا : ئەی ئەو کەسانەی کەباوەڕتان هێناوە! ئەگەر بانگ درا بۆ نوێژی هەینی، ئەوە دەست لە کارو کاسپی و کڕین و فرۆشتن هەڵبگرن و خێرا بچن بۆ ئەنجامدانی فەرمانەکەی خودا .

خوای گەورە لەو کاتەدا ڕێگری کردووە لە کڕین وفرۆشتن، دیارە ڕێگری کردنیش بەڵگەیە لەسەر حەرامی ئەو کارەی کە ڕیگری لێکراوە، وە دروست نەبوونی کڕێن وفرۆشتنەکەیش.

2-فرۆشتنی کاڵایەك بە کەسێك کە یارمەتیدەری بێت لەسەر مەعصەیت وسەرپێچی کردنی خوای گەورە، یان بەکاری بهێنێت لە کاری حەرامدا، بۆ نموونە دروست نیە ترێ یان ئاوەکەی بفرۆشرێت بە کەسێك کە بەکاری دەهێنێت لە دروستکردنی شەراب ومەیدا، یان دروست نیە قاپ وقاچاخێك بفرۆشرێت بەو کەسەی کە بۆ مەی خواردنەوە بەکاری دەهێنێت، هەروەها دروست نیە فرۆشتنی چەك وتەقەمەنی لەکاتی ڕودانی فیتنە وناکۆکی لە نێوان موسڵماناندا، چونکە خوای گەورە فەرموویەتی :

﴿ وَتَعَاوَنُواْ عَلَى ٱلۡبِرِّ وَٱلتَّقۡوَىٰۖ وَلَا تَعَاوَنُواْ عَلَى ٱلۡإِثۡمِ وَٱلۡعُدۡوَٰنِۚ ﴾ [ المائدة: ٢ ] .

واتا : یارمەتی یەکتری بدەن لەسەر خواناسی و پارێزکاری و چاکەکاری، وە نەکەن هاوکاری یەکتری بکەن لەسەر گوناە و ستەم و دەست درێژی کردن .

3-فرۆشتنی موسڵمان بەسەر فرۆشتنی براکەیدا :

نمونەکەشی وەك ئەوەی کەسێك کاڵایەکی کڕیبێت بە دە دینار، تۆیش پێی بڵێیت : من هەمان کاڵات دەدەمێ بە هەرزانتر لەوە، یان من لەوە چاکتر دەدەمێ وە بە هەمان نرخیش، بە بەڵگەی ئەو

فەرموودەیەی کە عەبدوڵای کوڕی عومەر ( خوایان لێ ڕازی بێت ) دەگێڕێتەوە ودەڵێت : پێغەمبەری خوا ( صلی اللە علیه وسلم ) فەرموویەتی : { ولا يبع بعضكم على بيع بعض } [1].

واتا : هەندێکتان مامەڵە مەکەن بەسەر مامەڵەی هەندێکی تردا .

4-کڕین بەسەر کڕیندا :

نمونەکەشی وەك ئەوەی کەسێك کاڵایەکی فرۆشتبێت، دوای ئەوەی کە فرۆشیار و کڕیار ڕیك کەوتبن لەسەر نرخی کاڵاکە وبڕاندبێتیانەوە، کەسێکی تر بێت وبڵێت بە فرۆشیارەکە : مامەڵەکە هەڵبوەشێنەوە من لەو نرخە بەزیاتر لێت دەکڕم، ئەم جۆرەیش دەچێتە چوار چێوەی ئەو ڕێگری و قەدەغە کردنەی کە لە فەرموودەکەی پێشوتردا هاتبوو .

5-مامەڵەی ( العينة ) :

شێوەکەی بەم جۆرەیە : کەسێك کاڵایەك بە نرخێکی دیاری کراو بۆ کاتێکی دیاریکراو بفرۆشێت بەکەسێکی تر، پاشان کەسی فرۆشیار هەمان کاڵا لە کڕیارەکەی بکڕێتەوە بەپارەی حازر بەڵام بە کەمتر لەو نرخەی کە پێی فرشتبوو، لە کۆتایەوە هەر کڕیاری یەکەمجار نرخی کاڵاکە دەدات، وەك ئەوەی کەسێك پارچەیەك زەوی بفرۆشێت کەسێکی تر بە پەنجا هەزار دۆلار کە پاش سالێك پارەکەی پێ بدات، دواتر هەر خاوەن زەویەکەی یەکەمجار زەویەکە لە کڕیارەکەی بکڕێتەوە بە چل هەزار دۆلاری نەقدی کاش، بەم شێوەیەش کڕیارەکە دوای ساڵێك دەبێت پەنجا هەزار دۆلار بدات بە خاوەن زەویەکە، ئێستا وەك ئەوە وایە کڕیارەکە چل هەزار دۆلاری لە کەسی یەکەم وەرگرتبێت، بەڵام پاش ساڵێك پەنجا هەزار دۆلاری بداتەوە، بەم جۆرە مامەڵەیەش دەوترێت ( عینة ) چونکە کڕیارەکە لەبری کاڵاکە شتێك وەردەگرێت کە بریتیە لەو پارە نەقدە حازرە .

ئەم جۆرە مامەڵەیە حەرامە، چونکە فڕوفێڵە بۆ بەدەستهێنانی سوو ( ڕیبا )، عەبدوڵای کوڕی عومەر (خوایان لێ ڕازی بێت ) ڕیوایەتی کردووە کە پێغەمبەری خوا ( صلی اللە علیه وسلم ) فەرموویەتی:

{ إذا تبايعتم بالعينة, وأخذتم أذناب البقر, وتركتم الجهاد, سلط الله عليكم ذلا لا يرفعه حتى ترجعوا إلى دينكم } [2] .

---

(1) بوخاری بە فەرموودەی ژمارە (2165) وموسلیم بە فەرموودەی ژمارە (1412) ڕیوایەتیان کردووە .

(2) ئەحمەد ڕیوایەتی کردووە (28/2)، وە ئەبو داود بە فەرموودەی ژمارە (3462) ڕیوایەتی کردووە، وە شێخ ئەلبانیش بە فەرموودەیەکی صەحیحی داناوە بە ژمارە (11) .

واتا : هەرکاتێك مامەڵەی عینەتان کرد، وە دەستان گرت بە کلکی مانگاوە، واتە : سەرقاڵی ئاژەڵداری وکشتوکاڵ بوون، وە وازتان هێنا لە جهاد وتێکۆشان لەپێناو خوادا، ئەوا خوای گەورە زەلیلی وسەرشۆڕیتان بەسەردا زاڵ دەکات تا ئەو کاتەی دەگەڕێنەوە بۆ لای ئاینەکەتان .

6-فرۆشتنی کاڵایەك پێش وەرگرتنی :

نموونەکەشی بەم جۆرەیە :کاڵایەك لە کەسێك بکڕیت، پاشان پێش ئەوەی وەری بگرێت و بێت لە چنگیدا بێت بیفرۆشێتەوە بە کەسێکی تر .

لەم بارەیەوە ئەبو هورەیرە ( خوای لێ ڕازی بێت ) ڕیوایەتی کردووە ودەڵێت : پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم ) فەرموویەتی : { من ابتاع طعاما فلا يبعه حتى يقبضه }[1].

واتا : هەر کەسێك کاڵایەکی کڕی با نەیفرۆشێت تاوەکو وەری دەگرێت ؟

هەروەها زەیدی کوڕی ثابت ( خوای لێ ڕازی بێت ) ڕیوایەتی کردووە، { أن رسول الله –صلى الله عليه وسلم – نهى أن تباع السلع حيث تبتاع، حتى يحوزها التجار إلى رحالهم }[2] .

واتا : پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) ڕێگری کردووە فرۆشتنی کاڵایەك تاوەکو بازرگانەکان وەری دەگرن ودەیخەنە ناو قافڵە وکەلوپەلەکانیانەوە .

بۆیە دروست نیە ئەو کەسەی کە کاڵایەك دەکڕێت بیفرۆشێتەوە تا ئەو کاتەی بە تەواوی وەری دەگرێت .

7-فرۆشتنی بەروبومێك پێش گەیشتنی :

دروست نیە بەروبومی کشتوکاڵی پێش پێگەینی بفرۆشرێت، ئەویش لە ترسی تیاچوونی، یان دەرکەوتنی عەیب وکەموکورتی تێیدا پێش وەرگرتنی، ئەنەسی کوڕی مالیك ( خوای لێ ڕازی بێت )

(1) بوخاری وموسلیم هاوڕان، بوخاری بە فەرموودەی ژمارە (2136) وموسلیم بە فەرموودەی ژمارە (1525) ڕیوایەتیان کردووە .

(2) ئەبو داود بە فەرموودەی ژمارە (3499) ڕیوایەتی کردووە، وە ئیمامی نەوەوی سەنەدی ئەم فەرموودەیەی بە صەحیح داناوە، بڕوانە ( اللؤلؤ المصنوع بە ژمارە 1691 ) .

ڕیوایەتی کردووە، کە پێغەمبەری خوا ( صلی اللە علیه وسلم ) فەرموویەتی : { أرأيت إن منع الله الثمرة, بم يأخذ أحدكم مال أخيه} [1].

واتا : ئایا ئەگەر بینیتان خوای گەورە نەیهێشت ئەو بەروبومە پێبگات، ئەو کەسە بەچی هەقێك ماڵی براکەی دەبات بۆ خۆی .

عەبدوڵای کوڕی عومەر ( خوایان لێ ڕازی بێت ) ڕیوایەتی کردووە ودەڵێت : { نهى رسول الله – صلى الله عليه وسلم- عن بيع الثمار حتى يبدو صلاحها, ونهى البائع والمبتاع } [2].

واتا : پێغەمبەری خوا ( صلی اللە علیه وسلم ) ڕێگری کردووە لە فرۆشتنی بەروبومی کشتوکاڵی پێش پێگەیشتنی، وە ڕێگری کردووە لە فرۆشیار وکڕیار .

مەبەست لە ( بدو صلاحها ) سوور بوون یان زەرد بوونە لە خورمادا، وە لە ترێدا مەبەست پێی ڕەش بوون ودەرکەوتنی تامی شیرینیە، وە لەدانەوێڵەدا مەبەست پێی ڕەق بوون و ووشك بوونیەتی، تەواوی بەروبومەکانی تریش هەر یەکەیان بۆ خۆی معیارێکی تایبەتی خۆی هەیە .

8-النجش :

مەبەست لەم مامەڵە کردنە ئەوەیە : کەسێك نرخی کاڵایەك کە پێشاندراوە بۆ فرۆشتن نرخەکەی زیاد بکات، بەبێ ئەوەی مەبەستی کڕینی بێت، بەڵکو تەنها مەبەستی ئەوەیە کەسانی تری پێ بخەلەتێنێت، و ڕوغبەتیان بۆ ئەو کاڵایە زیاد بکات، ونرخەکەیان بەسەردا بەرز بکاتەوە .

لەم باریەشەوە عەبدوڵای کوڕی عومەر ( خوایان لێ ڕازی بێت ) ڕیوایەتی کردووە ودەڵێت : { نهى رسول الله – صلى الله عليه وسلم- عن النجش } [3].

واتا : پێغەمبەری خوا ( صلی اللە علیه وسلم ) ڕێگری کردووە لە ماڵەی نەجەشەوە .

---

(1) بوخاری وموسلیم هاوڕان، بوخاری بە فەرموودەی ژمارە (2198) وموسلیم بە فەرموودەی ژمارە (1555) ڕیوایەتیان کردووە .

(2) بوخاری وموسلیم هاوڕان، بوخاری بە فەرموودەی ژمارە (2194) وموسلیم بە فەرموودەی ژمارە (1534) ڕیوایەتیان کردووە .

(3) بوخاری وموسلیم هاوڕان، بوخاری بە فەرموودەی ژمارە (6963) وموسلیم بە فەرموودەی ژمارە (1516) ڕیوایەتیان کردووە .

### بابەتی حەوتەم : هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستی کڕین وفرۆشتن ( الإقالة ) :

مەبەست لە ( الإقالة ) : هەڵگرتن وهەڵوەشاندنەوەی ئەو گرێبەستەیە کە لە نێوان هەردوو گرێبەستکاردا ڕوویداوە بە ڕەزامەندی هەردولایان، ئەمەش کاتێك ڕوو دەدات کە یەکێك لە گرێبەستکارەکان پەشیمان بێتەوە لە گرێبەستەکەی نێوانیان، یان کاتێك کڕیار بۆی ڕوون دەبێتەوە کە پێویستی بەو کاڵایە نیە، یان ناتوانێت پارەکەی بدات، بۆیە لەکۆتاییەوە هەریەك لە فرۆشیار وکڕیار بەبێ هیچ زیاد وکەم کردنێك لەو گرێبەستە پەشیمان دەبنەوە وهەڵیدەوشێننەوە .

ئەم ئیقالە و هەڵوەشاندەوەی گرێبەستە بە ڕەزامەندی هەردوولا کارێکی مەشروع وڕێگا پێدراوە و پێغەمبەری خوایش ( صلى الله عليه وسلم ) لەفەرموودەکانیدا هانی خەڵکی بۆ داوە، وەك فەرموویەتی : { من أقال مسلما بيعته أقال الله عثرته يوم القيامة } (1) .

واتا : هەر کەسێك موسڵمانێك سەرپشك بکات وڕازی بێت بە هەڵوەشاندنەوەی ئەو مامەڵەیەی لەگەڵیدا کردووە، ئەوا خوای گەورەش لەو ڕۆژی دواییدا کەموکورتی وتاوانەکانی دەپۆشێت .

### بابەتی هەشتەم : گرێبەستی قازانج لێکردن ( المرابحة ) :

مەبەست لە گرێبەستی ( المرابحة ) : ئەوەیە کەسێك کاڵایەك بفرۆشێت بەکەسێك تر، بە قازانجێکی دیاریکراو کە هەردولایان ڕێك دەکەون لەسەری .

نموکەشی : خاوەنی کاڵاکە دەڵێت : سەرمایەی من لەم کاڵایە سەد دۆلارە، من ئەم کاڵایە دەفرۆشم بە تۆ بە سەد دۆلار، و دە دۆلار قازانجیش .

ئەم مامەڵەیە بەم شێوەیە صەحیح ودروستە، ئەگەر هاتوو فرشیار وکڕیار هەردوولایان نرخی کاڵا و ئەندازەی ئەو قازانجەشیان زانی کە دەستنیشانیان کردووە .

خوای گەورەش فەرموویەتی : خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿ وَأَحَلَّ ٱللَّهُ ٱلۡبَيۡعَ ﴾ [ البقرة : ٢٧٥ ]، واتا : خوای گەورە کڕین وفرۆشتنی حەڵاڵ کردووە .

(1) ئەحمەد ڕیوایەتی کردووە (225/2)، وە ئەبو داود بە فەرموودەی ژمارە (3460) ڕیوایەتی کردووە، وە ابن ماجه بە فەرموودەی ژمارە (2199)، وە ابن حبان (405/11) ڕیوایەتیان کردووە، وە شێخ ئەلبانیش بە فەرموودەیەکی صەحیحی داناوە بڕوانە : ( صحيح سنن ابن ماجه بە ژمارە (180) .

هەروەها فەرموویەتی : ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تَأۡكُلُوٓاْ أَمۡوَٰلَكُم بَيۡنَكُم بِٱلۡبَٰطِلِ إِلَّآ أَن تَكُونَ تِجَٰرَةً عَن تَرَاضٖ مِّنكُمۡۚ ﴾ [ النساء: ٢٩].

واتا : ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە ماڵ و سامانی یەكتر بەناحەق و بەبێ بەرامبەر مەخۆن لەنێوان خۆتاندا، مەگەر بازرگانیەک بێت و لەسەر ڕەزامەندی هەموولایەكتان بێت .

مامەڵەی بە قازانجیش : مامەڵەیەكە كە ڕەزامەندی هەردوو گرێبەستكاری تێدا تەحقیق بووە، وە پێویستی خەڵكیش بۆ دروستی ئەم جۆرە مامەڵەیە پیویستیەكی یەكجار زۆرە، چونكە هەندێك خەڵكی نازانن ئەو كاڵایەی كە پێویستیانە لەسەرەتاوە بیكڕن، بۆیە پەنا دەبەنە بەر ئەوەی پشت بەخەڵكانی تر ببەستن، لەم بەرامبەر ئەو كارەیشدا قازانجێكی دیاریكراو كە لای هەردوولایان زانراوە دەداتبەو كەسەی كە كاڵاكە دەكڕێت وپاشان پێی دەفرۆشێتەوە .

**بابەتی نۆیەم : كڕین وفرۆشتن بە قیسط :**

ئەم مامەڵەیە : بریتیە لەوەی كەسێك كاڵایەك بۆ ماوەیەكی دیاریكراو دەفرۆشێت بە كەسێكی تر، بەو شێوەیەی كە كڕیار نرخی كاڵاكە بەش بەش دەدات بە فرۆشیار، وە هەر جارەی لەكاتێكی دیاریكراودا كە هەردوولایان ڕێك كەوتون لەسەری تەسلیمی دەكات .

نمونەكەی : وەك ئەوەی فرۆشیار ئۆتۆمبیلێكی هەبێت، نرخی نەقد كاشی چل هەزار دۆلار بێت، وە بە نرخی دواخراویش بە شەست هەزار دۆلار بێت، بۆیە كڕیار دێت لەگەڵ فرۆشیار ڕێكدەكەوێت كە ئەو ئۆتۆمبیلەی بە شێوەی بەش بەس ( أقساط ) بە دوانزە مانگ لێ بكڕێت، هەر مانگەی پێنج هەزار دۆلاری بداتێ ،

حوكمی ئەم مامەڵەیە : حوكمی ئەم مامەڵەیە دروستە، چونكە عائیشەی دایكی باوەڕداران ( خوای لێ ڕازی بێت ) دەگێڕێتەوە ودەڵێت : { اشترى رسول الله – صلى الله عليه وسلم – من يهودي طعاما بنسيئة – أي بالأجل – ورهنه درعا له من حديد} (1).

---

(1) بوخاری وموسلیم هاوڕان، بوخاری بە فەرموودەی ژمارە (2068) وموسلیم بە فەرموودەی ژمارە (1603) ڕیوایەتیان كردووە .

واتا : پێغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) خواردنی بۆ ماوەیەك لە جولەكەیەك كڕی، لە بەرامبەر ئەوەدا زرێ جەنگیەكەی كرد بە بارمتە و ڕەهن لای كابرای جولەكە .

ئەم مامەڵەیە بەم جۆرە سودی بۆ هەردوولایەنی فرۆشیار وكڕیار هەیە، فرۆشیار لەبەرامبەر ئەو كاتەی كە پارەكەی دوا دەكەوێت نرخی كاڵاكەی زیاد دەكات، ئەمەیش بە یەكێك لە هۆكاری بازاڕ كردنی كاڵاكان دادەنرێت، كاڵاكەی بە كاش و بە بەش بەش ( قسط ) دەفرۆشێت، و كاڵا فرۆشراوەكانی برەو پێ دەدات، هەروەك چۆن كڕیاریش ئەو كاڵایەی كە دەیەوێت بەدەستی دەهێنێت بەبێ ئەوەی نرخی كاش و حازری پێ بێت، نرخی كاڵاكەی بە شێوەی بەش بەش ( قسط ) دەدات بە خاوەن كاڵاكە .

مەرجەكانی ڕاستی ودروستی ئەم مامەڵەیە :

بۆ ڕاستی ودروستی ئەم مامەڵەیە چەند مەرجێك پێویستن، زیاد لەو مەرجانەی كە پێشتر بە شێوەیەكی گشتی باسمان لێوە كردن :

1-دەبێت ئەو كاڵایە لە كاتی گرێبەستەكەدا لە حەوزە و دەستی فرۆشیار ولەژێر تەصەڕوفی ئەودا بێت، بۆیە دروست نیە بۆ فرۆشیار و كڕیار لە سەر نرحی كاڵایەك ڕێك بكەون، وماوەی تەسلیم كردنی نرخ و كاتی قیسطەكان دەست نیشان بكەن، پاشان كابرای فرۆشیار بڕوات ئەو كاڵایەی كە كڕیارەكە دەیەوێت بۆی بكڕێت، چونكە ئەم جۆرەیان حەرامە ودروست نیە، چونكە پێغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) فەرموویەتی : { لاتبع ما لیس عندك } (1) .

واتا : ئەو شتەی مولْكی خۆت نیە مەیفرۆشە .

2-نابێت فرۆشیار لە كاتی گرێبەستەكەدا یان دواتر كابرای كڕیار ئیلزام و پابەند بكات بە پێدانی پارەیەكی زیاتر، زیاد لەو مەبلەغەی كە لە كاتی گرێبەستەكەدا ڕێك كەوتون لەسەری ئەگەر هاتوو كڕیارەكە نەیتوانی لەكاتی دیاریكراوی خۆیدا قسطەكان بدات، چونكە ئەم جۆرە ئیلزام كردنە دەبێتە سوو ڕیبا .

(1) ئەحمەد ڕیوایەتی كردووە (402/3)، وە ئەبو داویش بە فەرموودەی ژمارە (3503) ڕیوایەتی كردووە، وە نەسائیش ڕیوایەتی كردووە (289/7)، وە تیرموذی بە فەرموودەی ژمارە (1232)، وە ابن ماجە بە فەرموودەی ژمارە (2187) ڕیوایەتی كردووە، وە شێخ ئەلبانیش بە فەرموودەیەكی صەحیحی داناوە، بڕوانە : إرواء الغلیل (132/5) .

3-حەرامە ئەو کڕیارەی کە دەسەڵات وتوانای هەیە قسطەکان لەکاتی خۆیدا تەسلیم بکات، دەستی دەستی بە فرۆشیارەکە بکات وقسطەکانی دوابخات .

4-فرۆشیار هەق ومافی ئەوەی نیە کە موڵکیەتی کاڵا فرۆشراوەکە ئیحتفاظ پێوە بکات، بەڵام دروستە بۆ مەرجی ئەوە دابنێت کە کاڵا فرۆشراوەکە بارمتە ورەهن بێت لای، بۆ ئەوەی زەمانی مافەکەی خۆی بکات تا ئەو کاتەی کڕیار بە تەواوەتی قسطەکانی تری تەسلیم دەکات .

خوای گەورەش زانا وشارەزاترە ..

وصلى الله وسلم على سيدنا محمد وعلى آله وصحبه وسلم تسليما كثيرا إلى يوم الدين